# (28)

# گفتوگۆیەکی ژیرانە

## ڕێزی کچ و پلە و پایەیێکی جیاواز

بەڕێزان!

لەم بەشەدا دێینە سەر باسێکی گرینگ و هەستیار، ئەویش بریتییە لە(ڕێزگرتن و گرینکیدان بە کچ و نواندنی سۆز و خۆشەویستی بۆی)، زانایانی دەروونناس گوتوویانە: کچ لە تەمەنی هەرزەکاری هەزاریەکە سۆز و عاتیفەی هەیە، ئەگەر ئەو لایەنە عاتفی و سۆزدارییەی بۆ پڕ نەکرێتەوە لەلایەن دایك و باوکی ئەوا لەوانەیە تووشی سەغڵەتی و نارەحەتی بێت و بۆ پڕکردنەوەی ئەو لایەنە پەنا بۆ ڕێگەی ناتەندروست ببات.

سۆزدان بەکچ بە دەست بەسەرداهێنان و ماچ کردن و لەباوەش کردن و ڕێز لێگرتن و گوێ بۆ گرتنی واجبێکە لەسەر شانی دایك و باوك لەلایەن دایك و باوکیەوە، بە پێچەوانەوە بوونی بۆشایی لەم لایەنە وا لە کچ دەکات تووشی نەخۆشی و گرفتی دەروونی ببێت، یاخود پەنا بۆ هاوڕێیەکی ببات بۆ ئەوەی ئەم بۆشاییەی بۆ پڕ بکاتەوە، یاخود لەوانەیە بەدوو قسەی ناڕاستی کوڕێك خۆی تەسلیم بە کوڕەکە بکات و تووشی دەیان هەڵە و لادانی ناشەرعی ببێت، ئەو کاتە دونیا و قیامەتی لەکیس دەچێت.

بەڕێزان!

لەسەردەمی نەفامیدا بەخێوکردنی کچ بە شووم و عەیبە دەبینرا و پێیان وابوو سەرشۆڕییە، بەداخەوە لەوانەیە ئێستاش کەسانێك هەبن ئەم هەستەیان هەبێت، بەڵام ئیسلام بە توندی ئەم سەیرکردن و بیرکردنەوەی قەدەغە کردووە، پێچەوانەکەشی سەلماندووە و ئەجرو پاداشتێکی یەکجار گەورەی داناوە بۆ ئەو کەسانەی کچ بەخێودەکەن و پەروەردەی دەکەن، با سەیری ئەم دەقانەی خوارەوە بکەین لەو بارەوە:

1)- پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: {**مَنْ عَالَ جَارِيَتَيْنِ حَتَّى تَبْلُغَا جَاءَ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَنَا وَهُوَ وَضَمَّ أَصَابِعَهُ**}[1] واتە: هەر کەسێك دوو کچ بەخێو بکات، تا پێدەگەن، لەڕۆژی قیامەت من و ئەو ئاوا پێکەوەین ئاماژە بە پەنجەی ناوەڕاست و شایەتمانی کرد، واتە: ئاوا لەیەکتری نزیکین.

بەڕاستی ئەوە موژدەیەکی گەورەیە بۆ ئەو کەسانەی کچیان هەیە و کچەکانیان بەڕێکوپێکی بەخێو دەکەن بەم شێوەیە نزیکن لە پێغەمبەری خوا ﷺ لەبەهەشت، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەوانەیە لەدونیایەشدا ئەوان سوودی زۆریان بۆدایك و باوك یان بەخێوکەرەکەیان هەبێت، لە کاتێکدا کە پیر و پەککەوتە دەبن ئەوان خزمەتیان دەکەن و بەکەڵکیان دێن.

2)- لە گێڕانەوەیەکدا دایکمان عائیشە خوا لێی ڕازی بێ دەڵێت: {**دَخَلَتْ امْرَأَةٌ مَعَهَا ابْنَتَانِ لَهَا تَسْأَلُ فَلَمْ تَجِدْ عِنْدِي شَيْئًا غَيْرَ تَمْرَةٍ فَأَعْطَيْتُهَا إِيَّاهَا فَقَسَمَتْهَا بَيْنَ ابْنَتَيْهَا وَلَمْ تَأْكُلْ مِنْهَا ثُمَّ قَامَتْ فَخَرَجَتْ فَدَخَلَ النَّبِيُّ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ عَلَيْنَا فَأَخْبَرْتُهُ فَقَالَ مَنْ ابْتُلِيَ مِنْ هَذِهِ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ كُنَّ لَهُ سِتْرًا مِنْ النَّارِ**}[2] واتە: ئافرەتێك هاتە لام دوو کچی بچووکی لەگەڵدا بوون، داوای خواردنیان کرد، منیش هیچ شتێکم لە ماڵەکەم نەدۆزیەوە پێیان بدەم جگە لە دەنکە خورمایەك، ئەمیش دەنکە خورماکەی لەنێوان دوو کچەکەدا دابەشکرد و خۆی هیچی لێ نەخوارد، پاشان هەڵسا و ڕۆیی، پێغەمبەری خوا ﷺ هاتەوە منیش هەواڵی ئەو ئافرەتە و دوو کچەکەیم پێدا، ئەمیش فەرمووی: هەرکەسێ بەشتێ لەم کچانە تاقی بکرێتەوە، ئەوا ئەو کچانەی بۆ دەبێتە پەردە لە ئاگر.

ئەگەر سەیری فەرموودەکە بکەین، پێغەمبەری خوا ﷺ بەتایبەت باسی کچی کردووە، بەشێوەیەکی گشتی نەیفەرمووە(منداڵ) بەڵکو تایبەتی کردووە بە(کچ)، وەك هاتووە:

---

**1) أخرجه مسلم (2027/4، رقم 2631)، والترمذى (319/4، رقم 1914) قال: حسن غريب، والحاكم (196/4 رقم 7350) وقال: صحيح الإسناد، وأخرجه أيضًا: البخارى فى الأدب المفرد (308/1، رقم 894)، والطبرانى فى الأوسط (176/1، رقم 557).**

**2) وصحيح البخاري: 1352.**

**{مَنْ ابْتُلِيَ مِنْ هَذِهِ الْبَنَاتِ بِشَيْءٍ}** ئەمەش ئاماژەیەکی گرنگی تێدایە لە فەزڵ و گەورەیی بەخێوکردنی کچ بە بەراوورد بە بەخێوکردنی کوڕ، نەفسی مرۆڤەکان وایە زیاتر حەزیان بە کوڕە، فەخر و شانازی بەکوڕ دەکەن، بەڵام پێویستە مرۆڤ بەسەر ئەم هەست و شعورەدا زاڵ بێت.

فەرموودەکە ئەوە دەگەیەنێ کە تەنها بەخێوکردنێکی ئاسایی نەبێ، چونکە هەموو کەس منداڵەکەی خۆی هەر بەخێودەکات کچ بێت یان کوڕ، بەڵام مەبەست لێرە پێدانی سۆز و عاتیفەییێکی زیاترە بە کچەکە، واتە: بەخێوکردنێکبێت کە کچەکە هەست بەوە بکات لایەنە سۆزدارییەکەی بۆ پڕ بکاتەوە.

پێغەمبەری خوا ﷺ لە چەندین فەرموودەدا ئاماژەی بە گەورەیی پەروەردەکردن و بەخێوکردنی کچ کردووە، ئەمەش لەبەر قەدەغەکردنی ئەو جیاوازییەیە کە لەلایەن هەندێ لە دایکان و باوکان هەیە کە زیاتر حەز بەبوونی کوڕ دەکەن نەك کچ، ئەو خۆشەویستی و سۆزەی بۆ کوڕ هەیانە بۆ کچ نیانە، ئەو گرنگییەی بە کوڕەکانیان دەدەن بە کچەکانیان نادەن.

۞- لە فەرموودەیەکی تردا پێغەمبەری خۆشەویستمان ﷺ فەرموویەتی: **{مَنْ كَانَ لَهُ ثَلَاثُ بَنَاتٍ فَصَبَرَ عَلَيْهِنَّ وَأَطْعَمَهُنَّ وَسَقَاهُنَّ وَكَسَاهُنَّ مِنْ جِدَتِهِ كُنَّ لَهُ حِجَابًا مِنْ النَّارِ يَوْمَ الْقِيَامَةِ}**[3] واتە: هەر کەسێك سێ کچی هەبێ ئارامیان لەسەر بگرێ، خواردن و خواردنەوە و بەرگ و پۆشاکیان بۆ دابین بکات لەو خورادن و خواردنەوە و بەرگ و پۆشاکانەی کە خۆی بەکاریان دەهێنێ، ئەوا لە قیامەتدا بۆی دەبن بە پەرژین لە ئاگر.

بۆچی پێغەمبەری خوا ﷺ فەرموویەتی: ئارامیان لەسەر بگرێ؟ لەبەر ئەوەی خەڵکێکی زۆر هەن بە بوونی کچ هەست بە ناتەواویی دەکەن، دڵیان پێی خۆش نییە، هەستیان بریندار دەکەن، بۆیە پێغەمبەری خوا ﷺ ئەوەندە جەختی لەسەر کردۆتەوە.

---

**3) أخرجه أحمد (154/4، رقم 17439)، وابن ماجه (1210/2، رقم 3669)، والطبرانى (299/17، رقم 826)، وأخرجه أيضًا: أبو يعلى (299/3، رقم 1764)، قال البوصيرى (101/4): هذا إسناد صحيح.**

﴿)- له فەرموودەیەکی تردا هاتووە: {**إِنَّ اللَّهَ قَدْ أَوْجَبَ لَهَا بِهَا الْجَنَّةَ أَوْ أَعْتَقَهَا بِهَا مِنْ النَّارِ**}[4] واتە: خوای پەروەردگار بەهۆی ئەو کچانەوە بەهەشتی بۆ پێویست دەکات، یاخود دەیکاتە هۆکاری ڕزگار بوونی لە دۆزەخ.

﴿)- یەکێك لەو خاڵانەی کە پێغەمبەری خوا ﷺ زۆر جەختی لەسەر کردۆتەوە جیاوازی نەکردنە لەنێوانی کور و کچ، دادگەریکردنە لەنێوانیان، پێغەمبەری خوا ﷺ بەردەوام داکۆکی لەم دادگەرییە کردووە، نوعمانی کوڕی بەشیر دەڵێ: باوکم منی بردە لای پێغەمبەری خوا ﷺ، بە پێغەمبەری خوای ﷺ گوت: من بەخشینێکم داناوە بۆ ئەو کوڕەم، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: ئایا منداڵی تریشت هەن؟ باوکیشم گوتی: بەڵێ، پێغەمبەری خوا ﷺ پێی فەرموو: بەهەمان شێوە بەوانی تریشت داوە؟ باوکیشم گوتی: نەخێر، پێغەمبەری خوا ﷺ فەرمووی: لەخوا بترسن و پارێزگاربن و دادگەری بنوێنن لەگەڵ منداڵەکانتان، ئینجا باوکم بەخشینەکەی لێ وەرگرتەوە[5].

---

**4) أخرجه أحمد (92/6، رقم 24655)، ومسلم (2027/4، رقم 2630).**

**5) ئەمە یەکێکە لە بێژەکانی ڕیوایەتەکە:**

**{عنْ عَامِرٍ قَالَ سَمِعْتُ النُّعْمَانَ بْنَ بَشِيرٍ رَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمَا وَهُوَ عَلَى الْمِنْبَرِ يَقُولُ أَعْطَانِي أَبِي عَطِيَّةً فَقَالَتْ عَمْرَةُ بِنْتُ رَوَاحَةَ لَا أَرْضَى حَتَّى تُشْهِدَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَأَتَى رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَقَالَ إِنِّي أَعْطَيْتُ ابْنِي مِنْ عَمْرَةَ بِنْتِ رَوَاحَةَ عَطِيَّةً فَأَمَرَتْنِي أَنْ أُشْهِدَكَ يَا رَسُولَ اللَّهِ قَالَ أَعْطَيْتَ سَائِرَ وَلَدِكَ مِثْلَ هَذَا قَالَ لَا قَالَ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَاعْدِلُوا بَيْنَ أَوْلَادِكُمْ قَالَ فَرَجَعَ فَرَدَّ عَطِيَّتَهُ} البخاري: 2447.**